# زاوای مەرغوب؟ ... ئاسۆعەبدوللەتیف



هەندێ ئەڵێن زاوای گەورە وەك كوری گەورە وایە هەندێكیش ئەڵێن زاوای بچوك نازدارەوگوڵی ماڵەخەسووە، بەڵام بەخوا لە فێڵ وداوی هاوەڵزاواكانی ئەم زەمانە دەرناچێ و هەمیشە دراوە بە داری گۆڵداو بە راست و چەپدا ئەیهێنن و ئەیبەن و گۆڵمەزو گاڵەی پێ ئەكەن و زەمی ئەكەن و بەمونافیسی خۆیانی ئەزانن چونكە جاری لە سیاسەتی سەركردایەتی ماڵە خەزوور نازانێ، جا توخوا بۆ ئەوەی لەم شەرەشەقە نەجاتت بێ باشتر نییە كیژە تاقانەیەك بخوازی و واز لەو فیدراڵیەت و دەردیسەریە بهێنی، بۆنا... ئەمە رێك وەكو هەرێمە دڵنەخوازەكەی خۆمان وایە كەحەزمان لێی نیەو حەز بە زاوایی بەغا ئەكەین وخواخوامانە ببینە زاوای بەغاو بێینە ریزی ئەو هەموو هاوەڵزاوایەوە كە هەر یەكەیان گای مەملەكەتێك ئەقۆرێنن، جا كوردی هەژار ببینە چوارساڵی داهاتووی پروكێنەر زاوا گەورەكانی بەغا، چ جەعفەریاتێك ئەفرۆشن و چ گاڵەیەكت پێ ئەكەن و ئەتكەنە ئاوگێروشەوچەرەی شەوان و نابێ زۆریش قسان بكەیت لەبەر خاتری زاواگەورەكان، بۆیە ئەم جۆرە زاوایەتیەی كوردەواری بەلای منەوە مەرغوب یان بە كوردیەكەی خوازیاروپەسەندنییە، ئاخر ئەمرۆ زاوایەك بۆ خەسوو مەرغووبە كە پارە بدات و ماڵی هەبێ و رێك بێ نەك بێ شیرازەو بێ ماڵ و پارە سێن بێ میسلی سواڵكەر؟!

لە سەردەمە نەفرەتیەكەی براكوژیی و برسێتیدا زاوا بوون گەلێ قورس و گران بوو، ئەو كاتانە ئەو زاوایانە سنگیان دەر ئەپەراندو بە ئازایەتی ئەچوونە بەردەم تیرهاوێژی خەسوو كە لە مونەزەمە ئەجنەبیەكان بونایە ئەگەرچی كلینەریش بوونایە و بەراستیش مەرغووب بوون، بە ئۆكەیەكی ئینگلیزی خەسوو دەم بەست ئەبوو تەمەن و بروانامەوجوانی و بنەماڵەو كەسایەتی لای خەسوو لەگۆرێ نەبوو یان بە پولێكی قەڵب، كەواتە ئەو سەركردایەتیەی ئەوسا تەنها بیری لە دینارو دۆلار ئەكردەوە، دایكی كور لە كاتی خوازبێنیدا بەس بیگوتبا كورم لە مونەزەمەیە راستەو راست شایی و زەماوەند دەستی پێ ئەكرد، لەپاش بێ هێزبوونی مونەزەمەكان ئەم رێورەسمە گۆرا بە كوری خاریج و هەندەران، زاوای مەرغوب ئەو زاوایە بوو كە ئیقامە و پاسپۆرتەكەی لە ناو گیرفان بووایە، ئەوكات چانسی مارەكردنی ناودارترین و جوانترین و منداڵترین كیژی هەبوو، كەواتە ئەم زاوایەش مەرغووب بوو چونكە سەركردایەتی ئەوسا پێویستی بە دەستی كار هەبوو بۆ بژێوی ژیانی رۆژانەیان و كیژەكەشیان بەگرەنتی ئەگایاندە جێ ئیتر خوای ئەكرد زاوا لەوێندەر گسكدەروپاككەرەوەی باڕوكلاپەكانیش بووایە، ناوە ناوە رەسمە سیحرییە جوانەكانی خۆیشی ئەناردەوە كەلە ناو پارك و بیناو ئۆفیسە راقیەكاندا بۆ هەڵخەڵەتاندن ئەیگرت كە چۆن دەستی لە ملی بوك ناوە پێشی گوتووە پێ بكەنە بابلێن ئاسوودەین!!

بەلاّم کێ ئەزانێت لە پاش هەموو ئەو گۆرانکاریانەو بۆ ئەم سەردەمە زاوای مەرغوب کامەیە؟ ئەز دەبیژم ئەو زاوامەرغوبانەی ئێستا ئەوانەن کە چارەسەری ئەنفلوەنزای باڵندەمان بۆ ئەکەن و هەرچی پەلەوەر هەیە لە کوردەواریدا کوشتیان و ئەو هەموو پارە کاش و ماشەیان وەرگرت بۆ لەناوبردنی ڤایرۆسە بکوژەکەو ئێستاش ئەڵێن مریشك بخۆن چ عەیبی نییە، یان دوکتۆرو کارمەندەکانی دروستی ئاژەڵ و پەلەوەروڤێترنەری، ماڵی پەلەوەرەکان و ڤایرۆسی **H5N1** ئاوا بێت کە هەموو رۆژو سەعات و دەقەیەك بازاریان گەرم بوو بوو پرس و رایان پێ ئەکردن، تووخوا کەس زاتی ئەوە ئەکا ئەمانە بێنە داوای کیژەکانمان و نەیاندەینێ، ئەوان ژیانمان ئەکرنەوە و دەور دەوری خۆیانەو ئەوان دڵنیام ئێستا لای هەموو خەسووەکانیش مەرغوبن چونکە هەم سەرچاوەی داهات و پارەن و هەمیش لەناوبەری ئەنفلوەنزای باڵندەن ئەگەر هەبێ.. هەیە هەیە؟! ببورن لەبەر تەواوبوونی گۆشەکەم زاوای گەورەو رەئیسی پێشوو غازی یاوەرم بیر چوو کە ئێستاش نەمزانی ئاخۆ مەرغوبە یان نا؟؟

* گۆشەی (زووم) لە رۆژنامەی بەدرخان تایمز کە لە کوردستانی باشور دەرئەچێت، ژمارە 28